



**کاکە مەم بۆتانی**

**هەنگاو**

چێشتەنگاوێکی هەینیی بەهاری پیری ساڵی 1967 (کە زۆر نەبوو بە فەرمانبەری هاتبوومە بەغداو وەك ئەندازیاری کشتوکاڵی لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دارستان کارم دەکردو ناسیاویم لەتەك شێرکۆ بێکەس تازەکردبۆوە) بۆ پشوودان خۆم بە قاوەخانەی پەرلەمانی سەر شەقامی رەشیددا کرد. لەبەر دەرگای قاوەخانە، سەرنجی بڵاوکراوەکانی بەردەمی پیاوە پیرە ریش چەرمووەکەم دا.. گۆڤارو رۆژنامەیەکم هەڵگرتو (5) فلسی حەقی خوێندنەوەم دایێ، بەدەم چاوگێڕانەوە لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوەو بەدوای گۆشە ئەدەبییەکاندا وێڵ بووم.

جێگەیەکم لە نزیك تاکە موبەریدە دی، بەدەم سەلامدادان و وەڵامدانەوە دانیشتم. چایەکی خەستو خۆڵیان لەبەردەمم دانا.. پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوە بکەم، بە لاچاوێ سەرنجی لای چەپم دا. لاوێکی مامناوەندی تۆزێ خڕیلە، خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی کوردی بوو. لێیوردبوومەوە، لەو رووناکبیرە کوردانە نەبوو کە دەمناسین. لە قوتابیانی زانکۆش نەدەچوو. هەستم کرد ئەویش بە دزییەوە سەرنجم دەدا.

بۆ تواندنەوەی سەهۆڵبەندانی بەینمان لە کتێبەکەم پرسی، بەدەم وەڵامدانەوە، بە وردی تەماشای کردمو بە دوودڵییەوە ناوی هێنامو خۆشی پێشکەشکرد.. ناوی جەلالی میرزا کەریمم بیستبوو، چەند هەڵبەستێکیشیم خوێندبۆوە، بەڵام رایەکم گەڵاڵە نەکردبوو. بەدەم نیشاندانی کتێبەکەوە وتی:

-لەم ئێوارانەدا لەگەڵ هاوڕێیەکم، جەنابتو کاك شێرکۆمان لە شەقامی ئەبو نەواس دی.

لەو ڕۆژەوە دۆستایەتیمان دەستیپێکرد، لە هەندێ ڕاوبۆچوونیش یەکترمان دەگرتەوە. بەدەم باسی ئەدەبو ئاووهەوای گڕاویی بەغدا کاتمان بەسەربردو پێکەوەش هەڵسابن.

جەلالی نەمر، لەگەڵ عەبدوڵڵا عەباسو نیهایەت جەلالو چەند کارمەندێکی تر، بە سەرپەرشتیی لاوێکی چالاکی خوێنگەرمی سیامەنسووری (بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە) بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدایان بەڕێوەدەبرد. ڕاوبۆچوونی جەلالی میرزا کەریم لە بیرو ئایدیای باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و نزیك بوو (بەهەڵە نەچووبم، ئەندامیشیان بوو).. لاوێکی هێمنی لەسەرەخۆی خۆش مەشرەف بوو. کەمدوو بوو.. هەر لەو ساتانەوە کەوتە بەر دڵم.

پاش ماوەیەك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس سێکوچکەی ئەدەبمان پێکهێنا. کە حوسێن عارفیش لە بەندیخانە بەربوو و گەڕاندیانەوە سەر کارو فەرمان، بووینە چوارەی ئەدیبی پڕ هیوا. هەفتەی چەند ڕۆژێ یەکترمان دەدی. زۆربەی شەوان لە یانەی (عەدلییە) دادەنیشتین.. کتێبمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ڕامان دەگۆڕییەوە. ئەدەبی نوێو مەسەلە نەتەوەییەکان لێکیان نزیك دەکردینەوە.

کە چاکسازیی بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا دەستیپێکرد، داوا لە ڕووناکبیرانی بەغدا کرا دەستی یارمەتییان بۆ درێژکەن. د. نەوزاد ساڵح ڕەفعەتو د. کاوس قەفتانو منو چەندانیتر بەدەنگیانەوە چووین. من گۆشەیەکم لەسەر دارستان وەرگرت. لەسەر داوای جەلالی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا عەباس پێشەکیی بەرنامەکەمی ئامادەکرد. تا پاش هاتنەوەی بەعسیش گۆشەکە درێژەی هەبوو. ئاشنایم لەگەڵ زۆربەی کادران پەیدا کرد، فێری هەندێ هونەری ئیزاعیش بووم.

جەلالی شیعر یەك مەوهیبەی نەبوو، لە پاڵ کاری ڕادیۆ. ڕۆژنامەنووسێکی بەسەلیقەش بوو.. لێهاتووانە خەریکی ئامادەکردنی بوو. بە ئارەزووەوە لاپەڕەکانی دەنەخشاند. بەڵگەشم ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری (بەیان)ە. هەر سەرنجێکی سەرپێیانەی بەیانو گۆڤارە کوردییەکانی تری ئەو سەردەمە، هەست بە گۆڕانێکی نوێی قەوارەو ڕێکخستنو چاپکردنی دەکرێ. لە بەهاری 1974یش دوای بانگەوازی شۆڕش کەوتو کاری گۆڤاری (پێشمەرگە)ی گرتە دەست، جۆرە تازەکردنەوەیەکی پێدا.

جەلالی هەمیشە زیندوو، نە لە ژیانی ڕۆژانەیدا، نە لە بەرهەمی ئەدەبیدا هەڵەشە نەبوو. لای ئەو شیعر دنیایەکی سحرئامێزبوو.. نوێکردنەوەی لاوچاکی لەسەرەخۆی گەرەك بوو. زۆری مەبەستبوو ناوەڕۆکی تازەی شیعر لە شێوەی نوێ مارە بکا.. پێش ئەوەی هەنگاو بنێ، بەردەمی هەڵبەستی ساغ دەکردەوە. پەنجەی پێی شیعری لە زەویی دیوانەکانی پێشخۆی دەخشاند. بەرگەیانی تاقیدەکردەوە. نەوەك قاچی شیعری لە زۆنگاو و قوڕو لیتەی کلاسیك بچەقێ.. بۆیە بەرهەمی شیعری کەم بوو.. وەك مامۆستا ئەحمەد هەردی، بەرهەمەکانی کەمو پڕو چڕو سەرکەوتووبوون.

هەر چوارمان (شێرکۆ، حوسێن، جەلالو بەندە) چاومان بە بەرهەمی ئەدەبیی تازەی ئەوروپاو ئەمریکای لاتینو عارەبی گەشاندەوە. لە ڕەحمی ئەدەبی نەتەوایەتیمانەوە بۆ تازەکردنەوە چووین. واقیعیەتی سۆسیالیستیو نوێی بەرەی (سۆڤیەت)مان دەورکردەوە. لە کۆڕو کۆبوونەوەکانماندا بەپێی بیروبۆچوونمان شیمان دەکردنەوەو ڕەخنەکانیشمان بەراورد دەکرد. بۆچوونی خۆمان زاخاودەدایەوە.

کڕینو پەیداکردنی کتێب کارێکی سانا نەبوو. نە هەموو دەکڕدران، نە پەیداش دەکران، بەناچاری ئاڵوگۆڕمان دەکرد.. چوونو هاتنەوەی جەلال بۆ ڕادیۆی بەغدا بە بازاڕی (ئەل موتەنەبی) کۆنە کتێبی دابوو. بە کتێبەکانی دەستی دوودا دەچۆوەو باشەکانی هەڵدەبژاردو بۆ ئێمەشی دەکڕی.. هەرچەندە زانکۆی تەواو نەکردبوو، بەڵام عەرەبیزان بوو. بەرهەمی شیعریشی پێ دەنووسی.. ئەوەش دەگەڕایەوە سەردەمی شیوعییەتی جەلال.

سەرچاوەی فکری مارکس-لینینی شیوعییەکانی کوردستانی باشوور عەرەبی بوو. لە شانەکانیاندا بەو زمانە دراسەدەکرا. کۆبوونەوەی شانەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراقی حزبی شیوعی (کە هەموو نەتەوەکانی تێدا دەبوو) بە زمانی عەرەبی بوو.. بۆیە زۆربەی ئەدیبەکانیشیان بەرهەمی عەرەبییان هەبوو.. هەندێکیان لە ئەدەبی کوردیش پچڕاند!

جەلال لاوێکی بەویقاربوو، چاو لەدەر نەبوو.. هەرزەیی پێوەدیار نەبوو. شەوانی یانەی (عەدلییە)و پاش خواردنەوەش، بە سەرخۆشی نەدەدیترا، ئەمەش لەگەڵ نەفسییەتی من دەگونجا. تا دەهات هاورێییەتیمان بەهێزتر دەبوو.. لە دانیشتنەکانماندا کەمدوو بوو. گوێرایەڵێکی باش بوو.. کە دەدوا قسەکانی جێی خۆی دەگرت.

**مەرگ**

پاش ئەو راپەرینە مێژووییەی جەماوەری چەوساوەی کوردستان بە پاڵپشتی پێشمەرگەو سوپای هاوپەیمانان، گەرانەوەی کۆچی ملیۆنیی کورد.. جەلالی ئاوارەی ئەمریکا بە کەنفتیو ئیفلیجیو شەپریۆیو گیانی پڕ هیوای لاویەتییەوە بارو بارخانەی لەکۆڵکردو گەرایەوە باوەشی کوردستانی دایکی رووتو رەجاڵ، برسیو تێنوو، بێ رابەرو سەرکردەی لێهاتوو!.. بە دەستی لەرزۆکەوە لە دەرگای لێپرسراوانی دا، هەموو توانای خستە پرۆسەی ئازادیی مرۆڤو بەرەوپێشبردنی هاوپەیمانیو گەشەکردنی نیشتمانی سەرپەرشتی ئیستگەی رادیۆی پێسپێردراو بەپێی توانای ئەو سەردەمە، بێوچان خەریکی رێکخستنی بوو.. بەجۆرێ هەڵدەسوورا، هەموو دەردو دووی بیرکردبوو.. لە پاڵیشیا کادری تازەی رادیۆی پێدەگەیاند. ئەوەندە بەشەوقەوە کاری دەکرد، لە جەلالی شێستەکان دەچوو!

ئەو هەموو ماندووبوونە لە توانای جەستەی کەنفتی ئەوانەبوو، دەکەوتە ناوجێیو چاودێری دکتۆران.. هەر زووش هەڵدەستایەوەو خۆی بە ئێستگەدا دەکردەوە.. خەونو خەیاڵی جەلال لەوە گەورەتر بوو، دەردو دوو زەفەری پێببا. ساتەکانی بەندیخانەو ژێرخانی خۆشاردنەوەو خەباتی نیشتمانیی نهێنی.. روونکەرەوەی رێبازی ئەدەبیی ئەو بوو.. هەیبوو.. نەیبوو.. هیوای سەربەخۆیی مرۆڤی کوردبوو!.

کە شەرە پەرۆی زەردو سەوزی پارەو پاوانو پایەی سەرۆك حزبەکان، شەقامی شارەکانی رەنگکرد.. لەسەر سەرینی باداریدا، فرمێسکو هەناسەی ساردی هەڵرشت.. چەندەها باسی وشیارکەرەوەی بڵاوکردەوەو کەس نەیبیست!.. چاوی لە دەستی سەرکردەکان بوو، تارمایی سیساڵ خوێن، وشیاریان کاتەوەو پێ لە تەختەی چرۆك نەنێن، بەرژەوەندیی کوردان لەسەرو بەرژەوەندیی تایبەتییانو حزبەکانیان دانێن. بە پیلانی گڵاوی داگیرکەران نەکەن.

ئەو رۆژەی لە ناو هەولێردا سەنگەری زەردو سەوز باڵەخانەو قەڵایان قۆرخکردو بە خەونی کوردان پێکەنین.. بە دەستی خۆیان خەباتی دەیەها ساڵیان شاربەدەرکرد.. بە دەسیسەی داگیرکەران ئەزموونی سەربەخۆیی کوردیان هەراجکرد.. جەلالی نەمریش وەك هەموو کوردپەروەران، بە هەردوو دەست شیوەنگێربوو.. لەگەڵ یەکەم لێزمەی شەستەگوللەیان، خۆی گەیاندە بەرپەنجەرەی ژووری خەستەخانەو دەمی بەیەکدادا.. خوێنی ئەم قەڵەمەشیان لە ئەستۆیان شەتەکدرا. روانگەش شەهیدی خۆی دا!.

